**روسیە چووە ریزی ئەو وەڵاتانەی ئابلۆقەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە دژی رژێمی ئاخوندی پەیرەو دەکەن**

وەلادمیر پوتین بڕیارێکی پەسەند کرد کە تیایدا روسیە دەچێتە ریزی ئەو وەڵاتانەی کە ئابلۆقە لە دژی رژێمی ئێران پەیرەو دەکەن. لە فەرمانێکدا کە رۆژی ٥ شەممە واتە ٢٠٠٨/٥/٨ لە کاتی وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیری لەلایەن ویلادمیر پوتین هاتوە: تەواوی سازمان و دەستگا دەوڵەتیەکان، بانك و دامەزراوە مەدەنیەکانی مافەوانی ژێر دەسەڵاتی قەزایی روسیە ئەبێ لە بیریان بێ کە لە رێکەوتی ٣ی مانگی مارسی ٢٠٠٨ واتە ٣٥ رۆژ بەر لە ئێستا، لە گواستنەوە، دابین کردنی هەر جۆرە مەوادێك، یان کەرەستە یان کەل و پەلی ناوکەیی کە جێگەی کەڵك وەرگرتنی دولایەنەی نیزامی و غەیرە نیزامیە، لە خاکی روسیەوە بۆ ئێران قەدەغەیە. بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەری روسی ئینتر فاکس، لە فەرمانی سەرۆك کۆماری روسیەدا، تەنیا مەواد یا کەرەسەی پێشە سازی کە بۆ نیروگای ناوکەیی ئاوی سووك بە کەڵك بێ یان پەسەندی ناوەندی وزەی ئەتۆم کە لە ١٦ی بڕیارنامەی ١٧٣٧ی شۆرای ئەمنیەت رێگەی پێدراوە رێگەی هەیە بچێتە ئێران.